## وانەیەك دەربارەی:

# گرفتەكانی دیموكراسی لەئەسینای كلاسیك و ئەمڕۆی خۆشماندا

كاندیدی فەلسەفە : بریجیتا كورتێن لیندبێرگ
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد



سوقرات

لە ئەسینادا، کەم تا زۆر هەمووشتێك بەسیستمی فیودالی دەستی پێکرد، بوو بەپێشکەییەك بۆ ناساندنی دیموکراسی. خەڵك کاریان دەکردو خاوەن زەوییەکانیش فەرمانڕەواییان دەکردن. ریزبەندیی کۆمەڵایەتی وا لەقەڵەم دەدرا کە فەرمانی خوداوەندەکان بێت و بەشێوەیەکی گشتی دەشێت ئەو ریزبەندییە بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەقامگیریی و نەگۆڕیی مابێتەوە، بەپێچەوانەی بەدحاڵیبونی باوی مۆدێرنەشەوە، فەرمانڕەواکان بەتەنیا مافیان نەبوو، بەڵکو ئەرکیشیان هەبوو: دەبوو لەکاتی کارەسات و نەهامەتییەکاندا، قەڵاکانیان ببێتە پەناگای خەڵك.

**رەوشەکانی پێش دیموکراسی**

بێشك دیموکراسی وەکو دیارییەك لەئاسمانەوە نەهاتووە، ئەویش لەناو شتەکانی تردا، ئەنجامێکی هێواشی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوو، کۆتایی بە گۆشەگیریی کۆمەڵگا یۆنانییەکان و حاڵەتە سەقامگیرەکەیان هێنا. لەتوێی بازرگانیی دەرەوە. نەدارا دێرینەکان، گۆڕان بۆ بازرگانی داراو زەنگین، ئیتر ئەوانیش لەحکومەتدا داوای بەشی خۆیان دەکرد. ئەگەر ئەو دەوڵەتە پێشبینی ئەم چینە ناوەراستەی کردبێت، بۆ ئەوەی ئەو سامانەی نوێیەی دەستیان کەوتوە پێشکەشی بکەن لەپێناو داکۆکی لێکردن لێی، ئەوا دەبوو لەبەرامبەردا، ئەویش شتێکیان بداتێ.

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینداـ دوابەدوای کێشە ناوخۆییەکان و خەباتێکی درێژ لەسەر دەسەڵات، ئەسینا مافی دەنگدانی درێژ کردەوە بۆ هەموو پیاوە سەربەستەکان، ئەوانەی لە توانایاندا هەبوو چەك هەڵبگرن، تەنانەت هەژارترینیشیان. سەربازە پیادەکانیشی وەکو سوارەکان گرتەوە، ئەوانەی خوداپەرستییان بەجێدەگەیاند، بەلام هەرچۆنێك بێت، ژنان ئەو مافەیان نەبوو، مافی دەنگدان خەڵاتێك بوو، بۆ ئەوانەی دەتوانن داکۆکی لەوڵات بکەن.

ئەم وەرچەرخانێکی سەرسوڕهێنەر بوو لەشێوازە پێشووترەکانی بیرکردنەوەداو مایەی سەرسامییە، کەبۆ ماوەیەکی درێژ بە باشی کاریکردوەو گەیشتۆتە پلەیەکی وەها، کە زەحمەتە ئێمە پێی بگەین. هەموو چینێك لەدانیشتوان بەشداریی خۆیان هەبوو لە ژیانی سیاسیدا. دەوڵەتشارەکە بچووك بوو، دەتوانرا مەسحی بکرێت. هەموو کەسێك هەموو ئەوانەی دەناسی کە پێیان دەگەیشت، چونکە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی راستەوخۆ کاری دەکرد، نەك وەکو ئێمە لەرێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانەوە. ئەگەر کەسێك لە بایەخدان بە کاروباری گشتی دەوڵەت ببەخشرایە، بەکەسێکی نالێپرسراو سەیری دەکرا، ئەوە تا رادەیەك ئاشکرایە، کە ئەو وشەیەی ئێمە بۆ مرۆڤی گێل بەکاری دەهێنین وشەیەکە لەلایەنی یۆنانیەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ کەسێکی تایبەت، ئەو کەسەی کە نەدەبوو تۆ بیت. لە پشتی ئەم هەڵوێستەوە، بیرۆکەی ئەوە هەبوو، کە تەنیا ئەو کەسەی بەشداریی لە بڕیارداندا دەکات، دەتوانێت هەست بە لێپرسراوێتی بکات بەرامبەری کۆمەڵگە. رەنگە کارێکی باش بکەین، کە لەو رووەوە بڕوانینە هەڵوێستی خۆمان.

**ئەنجومەنی نیشتمانی**

هەستکردنی دیموکراسییانەی پێکەوەیی نزیکەی پەنجا ساڵ لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمەوە، بەدرێژایی ماوەی ئاگربەست بەردەوام بوو. سەرکەوتنە مەزنەکە بەسەر فارسەکاندا لەسەرەتای سەدەکەدا هەستێکی نەتەوەیی خوڵقاندبوو، لەوەش زیاتر بە زاراوە ئابوورییەکان، پێداویستییەکانی دیموکراسیی دابین کردبوو، ئەسینا دەوڵەمەند بوو. وەکو سەرکردەی لە کۆمەڵەی داکۆکیکەر، کە بەسەر دوژمنێکی گەورەدا زاڵ ببوو، کە بە سادەیی کرێی ئەندامێتیی لە هاوەڵانی وەرگرت، تادەهاتیش کرێیەکە زیادی دەکرد، لەگەڵ لێشاوی سامان بەرەوە ناوەوەدا، ئەسینا توانی خێروبێر بەسەر خۆیدا ببەخشێتەوە.

لەم ماوەیەدا بوو کەهەموو دامودەزگا قەشەنگەکان، بەشێوەیەکی پاساودراو سەرسامیی نەوەکانی دواتریان بردەوە: کرێی خزمەتی گشتی، بۆ ئەوەی تەنانەت خەڵکە هەژارەکانیش، بتوانن بەشداریی بکەن لەخزمەتکردنی دادوەران، یان ئۆفیسەکانی حکومەت بگرنە دەست، سودە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، کەتەنانەت پێدانی کرێی سەردانی شانۆش دەگرێتەوە!ئەسینابییەکان رەسیدێکیان دابە خۆیان، بۆ ئەوەی لە رۆشنگەرایی و زرنگیان، نەرم و نیانیان بەرامبەر کۆچکەرە هاتوەکان، یان بایەخدانیان بەهەتیوان، پەنابەران و لێقەوماوان لە هەموو ئەوانیتر جیاواز بن، هەروەها لەو ماوەیەشدا بوو کەهونەرمەندان و بیریاران روویان کردە شارەکەو بیری مەزن سەریهەڵدا، شانۆیی نێودار نوسرا، هونەری پارسینۆن خوڵقێنرا.




**سامانی میللی**

کەواتە سامان بەشێوەیەکی لۆژیکیانە، مەرجی پێشینە بوو بۆ پەرەسەندن و بەردەوامبوونی دیموکراسی، کەمبوونەوەی سامانیش هۆی هەرەسهێنانە بەشێوەیەکی هێواش.

لەسیستمە زووەکەدا سامان بنەمای تایبەتی هەبوو. خزمەنگوزاریی گشتی، بایەخدان بەهەموو هەژارەکان، ڕێکخستنی خێرو خێرات، مووچەی سەربازان، هەرهەموویان ڕاستەوخۆ لەگیرفانی خێزانە دەوڵەمەندەکان دەدران. ئەمە وایکرد چەندان گروپ لەخەڵك پشت بەبەخشەرە تایبەتییەکان ببەستن، کەزۆرجار موزایەدەیان لەسەر یەکتریی دەکرد بۆئەوەی خەڵکەکە لەدەوری خۆیان بهێڵنەوە، بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان.

دۆزینەوەی پێکهاتەکانی زیو لە لاوریۆن، بۆ یەکەمینجار بووە هۆی کەڵەکەبوونی سامانی میللی کە تا رادەیەك کاریگەریی خێزانە ئەریستۆکراتییە دێرینەکانی بێلایەن کرد. ئەو سەرکردانەی خاوەنی سەرچاوە سامانییەکان بوون، ڕێگەیان پێنەدان بەشداریی بکەن لەخەباتی دەسەڵاتدا، ئێستا دەتوانن لەبری ئەوان، لەسامانی گشتی قەرەبوی خەڵك بکەنەوە.

دەتوانین بڵێین کەئەسینایییەکان لەم خاڵەدا دەستیانکرد بەهەڵبژاردنی سیستمی موچەی میللی. لایەنگیرانی ئەم سیستمە میللیە، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی بوون، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆرێك مەسەلەیەکی سادە نیە بۆ دەوڵەت، ئێستا کەتاچ مەودایەك ئایدیالیزم، یاخود ئومێدە سیاسییەکانی خۆیان بردونی . بۆ ماوەیەکی تەواو درێژ ئەو سەرکردانە لەبازنەی ئەریستۆکراتییەکانەوە دەهاتن و لەگەڵ ئەریستۆکراتەکاندا، ئاستێکی شەخسیی پوختەیان پێکدەهێنا بۆ کارکردنە سەر خەڵك. لەهەر ڕوداوێکدا خەزێنەی میللی بەهێز ببوایە، ئەو سەرکردە دیموکراسییانە سودێکی باشیان لێوەردەگرت، دەشزانین بەکردنی ئەمە، دەسەڵاتیشیان زیادی دەکرد.

مەسەلەکەی ئەریستیدیس نمونەیەکە لەدەسپێکی سەدەی پێنجەمدا، بیرۆکەی وەرگرتنی باجی ساڵانەی هێنا، لەو شارە دەریاییانەی لەکۆمەڵەکەی ئەسینادا بوون. ئەمە خەزێنەی میللی پڕکردەوەو یەکسەر ئەسینای والێکرد، بتوانێت بەڕێکوپێکی مووچەی سەربازەکان و فەرمانبەرە مەدەنییەکان بدات، کەبیست هەزار کەس دەبوون (ئەگەر باوەڕ بەوتەکەی دواتری ئەرەستۆ بکەین) لەشارێکدا کەسەدوپەنجا هەزار کەسی تیا نیشتەجێ بوو.

**خەرجی چاککارییەکان**

ئەمانە خەرجێکی گران بوون، کەهەتا داواکارییەکانی جەماوەر زیادیان بکردایە، ئەمانیش زیادیان دەکرد، وای لێهات زیاترو زیاتر گران دەبوو، کەداهاتی دەوڵەت بتوانێت بەو خەرجیانەوە، بەئارامیی بمێنێتەوە، بۆیە چاککارییە بەردەوامەکان دارایی دەوڵەتیان لەناو دەبرد.

پارکلیز کەلەناوەڕاستی سەدەکەدا بوو بەسەرکردەی دیموکراتییەکان، دەبوو ڕووبەڕووی هەموو ئەم گرفتانەی دیموکراسیزمی مۆدێرن ببێتەوە. ئیختیارەکە لەنێوان دوو تەدارەکدا بوو: بەردەوامبوون لەسەر چاککاریی و بردنەوەی جەماوەر لەلایەکەوە، یان توندکردنەوەی جڵەوەکەو تووڕەیی جەماوەر لەلایەکی ترەوە، لەراستیدا ئەو چاککاریی هەڵبژارد. سەرەتا بەباشی ڕۆیشت، بەڵام بەرەو کۆتایی، کاتی ئەو بەرەو خراپی ڕۆیشت.

چاککارییەکانی پارکلیز مەسرەفیان زۆر قورس بوو، گومانی تیا نیە، کەئەم پیاوە پڕ بوو لەنیازی شەریفانە، بەلای ئێمەشەوە بەرجەستەکەری هەموو شتە خانەدانەکانی

دیموکراسییەتی ئەسینایی، بەڵام هەر ئەمیش بوو کەئەسینای کرد بەئیمپریالیزمێکی چاوچنۆك و لەماوەی دووردا، بووە هۆی هەرەسهێنانی دیموکراسیش و ئەسیناش، بۆ ئەوەی خەڵەکەکەی خۆی هێدی بکاتەوە، داواکاریەکانیانی بەوە جێبەجێکرد، کە ئاڕاستەی هێزەکانیان بەرەو دەرەوە وەربچەرخێنێت. لەسەردەمی ئەمدا بوو کەهاوپەیمانەکانی ئەسینا بۆیان دەرکەوت، کەچیتر هاوبەشی یەکسان نین، لەگەڵ ئەسینادا، بەڵکو زیاتر لەکۆڵۆنیی و خزمەتکار دەچن. پارکلیز ستەمکارانە باجەکانیانی دووهێندە کردەوە، هەرکەسێك گوێڕایەڵ نەبوایە، سزا دەدرا، بەمەش زۆربەی ساڵە شکۆدارەکانی دیموکراسییەکەی ئەسینا پێوەست بوون بەستەمکارییەکی نادادپەروەرانە بەرەو دەرەوە، دوای مردنی پارکلیز مەسەلەکە تەشەنەی کرد، سەرەنجام گەیشتە یاخی بوونی هاوپەیمانەکانی ئەسیناو بەمەش پلەو پایەی ئەسینایان لاواز کرد.

**کاری گشتی و کاریگەرییەکانیان**

پارکلیز چی لەو پارەیە کرد کەلە هاوپەیمانەکانی ستاند؟ لەناو کارەکانی تریشیدا، دەستی کرد بەدروستکردنی ئەکرۆپۆلیس. یەکێك لەهۆیەکانی ئەمە، بریتی بوو لەسیاسەتی ناوخۆ: ئەوانەی کاریان نیە، جڵەو بکرێن، کە ئەمەش نیشانەی رقێکی شاراوەیە لەبن دەستی خۆیدا. یەکێکی تر لەو کارە مرۆییانەی کردی، بریتی بوو لەدیاریکردنی مووچە بۆ داوەرەکان، بۆ ئەوەی نەك تەنیا دەوڵەمەندەکان، بەڵکو هەژارەکانیش هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت بەشداریی بکەن لەبەڕێوەبردنی دادپەروەریی لەشارەکەدا، بەمەش یاساناسە ئەریستۆکراتە دێرینەکان، دوایین دەسەڵاتی خۆیان لەچنگ دەرهات.

بیرۆکە زۆر دڵگیرەکەی پارکلیز بۆ چاکسازییکردن لەدادوەراندا، نمونەیەکی درەوشاوەیە، بۆ ئەوەی نیازەکان چەند باش لاتریسکە ببەستن. ئەسینا (دە) دادگای هەبوو، هەریەکەیان (٥٠٠) دادوەری هەبوو . ئەگەر پێت خۆش بێت، دەڵێین چەشنە هاوشارییەکی دادوەر. پرسیارەکە بریتیە لەبوونی (٥٠٠٠) کەس کەبۆ هەموو رۆژێکی دەوامکردن مافی ئەوەیان هەیە، دوو ئۆبڵ مووچە وەربگرن، ئەمە بۆ دەوڵەمەندەکان زۆر نەبوو، بەڵام بۆ هەژارەکان زۆر بوو کەژمارەشیان لەشارەکەدا زۆر بوو.

ئەم ئاوێتەکردنەی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی دادپەروەریی، بوو بەکارەساتێك بۆ بەڕێوەبردنی یاسا لەئەسینادا. بەمشێوەیە دادوەرەکان لەئاستە نزمەکانی کۆمەڵگاوە دەهاتن و شەڕیاندەکرد، بۆ ئەوەی لەزۆرترین ژمارەی دادگاییکردندا بەشداریی بکەن، دیارە ئەوەندەی بایەخیان دەدا بەو پارەیەی لەدانیشتنیان لەناو دەستەی دادوەرانەوە دەستیان دەکەوێت، ئەوەندە گوێیان نەدەدایە دادپەروەریی، سەرباری ئەوەش سەرەنجامی نەزانی و هەژاریی، ئاپۆرای دادوەرەکان گەیشتە ئەوەی بەئاسانی ببنە قوربانیی بەرتیل خواردن.

جیاوازییەکی زۆر لەسامانداو، لەئەسینادا هەبوو، هەروەها ئێرەییەکی زۆریش بەرامبەری دەوڵەمەندەکان هەبوو. دادگا دیاردەی تاوانبارکردنی تاوانبارە دەوڵەمەندەکانی تێکەوت، بێگوێدانە ئەوەی تاوانبارن، یان نا. بەمەش دادگا میللییەکان بوونە مایەی ترس و رق لێبوون، کەئەمەش کێیەو دژایەتی نێوانی چینە کۆمەڵایەتییەکانی خەستکردەوەو دژایەتیکردنی سیستمی دیموکراسیشی بەهێز کرد.

**ئەنجامەکانی سیاسەتی سەرفکردن**

یەکێك لەرەفتارەکانی پارکلیز پیشانی دەدات، کەتەنانەت ئەویش بیری لەخەرجی دیموکراسی کردۆتەوە: مافی هاوشارێتی سنورکرد، بۆ ئەو منداڵانەی لەدایکوباوکێکی ئەسینایی لەدایك دەبن. پێشتر یەکێکیان بەس بوو، خۆش ئەوەیە ئەم یاسایە خودی پارکلیزیشی گرتەوە، چونکە دوو کوڕی هەبوو لەئەسپازیای بیانی، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو.

پارکلیز لەکۆتاییەکانی ژیانیدا، رووبەڕووی چەندان گرفتی گەورە بووەوە، لەسیاسەتی ناوخۆدا، ئەمە یەکێك بوو لەو هۆیانەی کەناچاریان کرد خۆی بدات لەجەنگی، سەرەنجام هەڵنەسەنگێنراو لەگەڵ سپارتەدا، ئەو جەنگەی پێی وترا جەنگی پیلۆ پۆنیشیان، کەتاقیکەرەوەی هێزی دوو دەسەڵاتە گەورەکەی سپارتەو ئەسیناو هاوپەیمانەکانیان بوو، کەبۆ ماوەی زیاتر لەسی ساڵ بەقۆناغی جیاجیادا تێپەڕی. پارکلیز بەختی هەبوو، کەلەکارەساتی پێش دەسپێکردنی جەنگەکەدا مرد، بەمەش رزگاری بوو، لەوەی، سەرەنجامی سیاسەتەکەی خۆی ببینێت، لەماوەی نەرامەتی ئەو سی ساڵەدا کەکورتبینی دیموکرانەکان زیاتر و زیاتر

کەوتە بەرچاو، هەروەها کاردانەوەیەکیش دژی هەموو پرەنسیپەکانی حکومەتی دیموکرات سەریهەڵدا.

جێنشینەکانی ئەو وەکو سەرکردەی دیموکراسی، بەپێچەوانەی پارکلیز خۆیەوە. لەچینی ئەریستۆکراتی رۆشنبیرەوە نەهاتبوون، بەڵکو بەزۆریی نوێنەری رەشەخەڵك بوون، بەمەش چینی نارۆشنبیر ئیمتیازیان وەرگرت، ئەمەش مانای ئەوەبوو کەزانیارییان نەبوو، دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکان، ئەمانە گوێی خۆیان کەڕ کرد، لەهەموو ئەو ئامۆژگارییانەی کەژیرەکان پێشکەشیان کردن. خەرجی بێشماریان خەرج کرد بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی ئیمپریالیستانەی شەڕەنگێزانە دژی دەوڵەتشارە هاوپەیمانەکانی خۆیان، ئەوانەی کەلەشەڕەکەدا پشتیان پێ دەبەستن، ئەمەش وایکرد کەتادەهات هاوپەیمانەکانیان شارەکەیان جێدەهێشت و دەیاندایە پاڵی سپارتە.

## زیادبوونی پشتیوانیی بۆ دوژمنە سپارتەییەکان

هەرچۆنێك بێت، تەنانەت لەناو ئەسیناشدا، شەپۆلی لایەنگیری سپارتە زیادی دەکردو بەهێز دەبوو، لەکاتێکدا جەنگ ئەسینای وێران کرد و خەڵك سوور دەبوون لەسەر بەردەوام وونی ئەوان زیاتر بەهێز دەبوون. خودی دیموکراسی بووە مایەی گلەیی لەبەر شەڕەکە، هەر زوو ئارەزووی ئاشتی بوو، بەهۆی دروستبوونی هاومانای ئەنتی دیموکراسی وەکو ئەنتی شەڕ. لەنێوانی ئەنتلیێجنسیا و بازنەی دێرینی ئەریستۆکراتەکاندا، زۆرکەس کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی، پێش سەردەمی دیموکراتییەکان، شارەکە باشتر بەڕێوەدەچوو، کاتێك باپیرانی خۆیان فەرمانڕەوا بوون، ئەوانە دەوڵەمەند بوون و باش پەروەردە کرابوون، بۆیە مشتومڕەکە بەئاڕاستەی ئەوەدا رۆیشت، کەهەریەکە لەسیاسەتمەدارە خۆبەشتزانەکان و بێفیزەکانیش بگرێتەوەو هەرچی باش بێت بۆ سودی گشتی بیکەن. ئەوە شتێکی ئاشکرابوو، کەئەم چەشنە دەستورەی کەبیر رۆشنان بیریان لێکردبووەوە، لەلای سپارتەییەکان دۆزیبوویانەوە، کەخەڵکی ئەسینا لەگەڵیاندا لەجەنگدا بوون. لەسپارتە یاساو نیرزام باڵی کێشابوو، خەڵکەکەی چاکەی شاریان دەویست، نەك بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. بەپێەوانەی سپارتە ئەندێشەکراوەکەی ئەوانەوە، ئەسینا بێ یاساو رێسا بوو، فەرمانڕەواکان خراپ بوون و یەکجارخۆپەرستیشبوون. ئەوەش رێی خۆشکرد بۆ ماتریالیزمێکی شلو شێواو، کاریزما، بیرکردنەوەی ئەوەی سەگ سەگ دەخوات، خەڵك عەودالی بەرژەوەندی خۆیان بوون، بێئەوەی بیر لەسودی گشتی بکەنەوە.

## سپارتە، جیاوازیی ئاکاری

رۆشنبیرانی ئەسینا وێنەیەکی ئیدیالی باڵایان دەربارەی سپارتە هەبوو، وێنەیەك کەبەلای هەندێك رۆشنبیرانی هاوچەرخی خۆمانەوە، هەندێك هاوشێوەیی لەگەڵ ئایدیالیزمەکەی چینی ماودا هەبوو، لەماوەی حەفتاکانی سەدەی رابردوماندا.

ئایدیۆلۆجیای رەسمیی سپارتە سەرنجی رۆشنبیرانی ئەسینای راکێشا، چوشنە ئەریستۆکراسییەك "کۆمۆنیزم" لەگەڵ ساماندا، شانازیی و خۆپەرستی تاوانبار کرابوون، لەوێ دەبوو موڵکەکان بەیەکسانی لەنێوانی دانیشتواندا دابەش بکرێت، دەبوو هەمووان خۆیان تەرخان بکەن بۆ بەرژەوەندی گشتی، سپارتە نەزانەکان لەلایەنی سیخوڕو پۆلسیی نهێنییەوە، لەناو دەبران.

لەراستیدا تەنانەت سۆکراتیش سەر بەوانە بوو کەسەراسیمەی سپارتە بوون، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، وەك زاهیدێك بەشانازیی سەیری دەکرا، کە رقی لەماتریالیستە هیپییەکانە، بەردەوام دەوری بەژماریەك لەوانە یرابوو کەبەسپارتە سەرسامبوون، کەلاوانێك بوون لەمۆدێلەکەی ماو، کەبەئاوازی سپارتە دەیانژەن و شێوازەکەی ئەسینایان بەلاوە هەڵە بوو، ئەمەش کردبووی بەهاوڕێی خەڵك، لەوانەشە هەر ئەمە هاندەری ئەو تۆمەتە بووبێت، کەدواتر بۆی رێکخرا.

هێواش هێواش حاڵەتەکە لەنێوانی ئۆلیگارشی و دیموکراتەکاندا زیاتر دەتەنییەوەو لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەمدا، ئۆلیگارشییەکان بەرێگایەکی خوێناوی گەیشتنە دەسەڵات و هەر زوو یاسا باوەکانیان وەلا ناو رژێمێکی تۆقێنەری تیرۆریستیان لەئەسینادا دامەزراند، پێش ئەوەی جارێکی تریش دیموکراسی هەلی بۆ بڕەخسێتەوە.

## بۆچی کارەکە ئاوای بەسەر هات؟

بەپێی تێڕوانینێکی باوی مۆدێرن، دەتوانرێت رقی ئۆلیگارشی بەرابەری فەرمانڕەوایی میللی بەو راستییە لێك بدرێتەوە، کەخۆیان سەر بەچینی خاوەن ئیمتیازی پێشووتر بوون، کەلەماوەی دیموکراسییدا دەسەڵاتیان لەدەست

دەرچووبوو. هەرچۆنێك بێت دەشێت ئەوە تێڕوانینێکی زۆر ساکار بێت بۆ هەموو مەسەلەکە.

لەراستیدا، زۆرێك لەرەخنەی ئۆلیگارشی لەدیموکراسی، پاساوی خۆی هەیە. شارەکە ناتوانێت زۆر بەسادەیی ئەو خەرجیەی کە بەردەوام روو لەزیادبوونە بخاتە ئەستۆی خۆی، کەدیموکراتی داوایدەکرد. هەموو ریفۆرمەکانیش ئەوەندە زۆریان تێدەچوو، کە وەکو خەرجی جەنگە نادانا ئیمپریالیستییەکە وەهابوو. کاتێکیش سەرچاوەکانی سامان وشکیان کرد، ئەوا داوای پارەیەکی خوێناویی زیاتر لەهاوپەیمانان دەکرا. ئۆپۆزیسیۆنی رۆشنبیر هەرزوو شتێکی بینی کەخەڵك دەرکیان پێنەکردبوو، دەریشکەوت کەراست بوو، دوای ئەوەی هاوپەیمانەکان، وردە وردە کشانە دواوەو ئەسینا لەهەڵدێردا بەجێما، نەك بەتەنیا لەگەڵ جەنگەکەیدا، بەڵکو لەگەڵ کیسەی خاڵییشدا، سەرکردە میللییەکان بوون بەقوربانی کورتبینیی وەلامدانەوەی ئارەزووەکانی جەماوەرو سەرەنجام هەمووی هەرەسی هێنا.

رۆشنبیران لەخەڵك و سەرکردەکانیش وریاتر بوون، هەر زوو زانیان کەجەنگ مەترسییەکی سیاسیی گەورەتری شاردۆتەوە، ئەگەر سپارتەو ئەسینا سەرقاڵی یەکتریی بن، ئەوا مەترسی زلهێزە راستەقینەکە دێتە ئاراوە، دوژمنە دێرینەکەی یۆنان، فارسەکان، کەهەمیشە دەنگی چەکەکانیان لەدواوە دەبیسترا.

لەلایەکی تریشەوە، هێزە دیموکراسییەکان لەئەسینا، سەرقاڵی تێکۆشانێکی سەخت بوون بۆ مانەوەی خۆیان. چاك دەیانزانی کەسەرکەوتنی سپارتەی نمونەی بالای رۆشنبیرەکان، مانای نەمانی دەسەلاتی میللی ئەمانە. دەستوری سارتە بەتەواویی دیموکراسی نەبوو: تەنیا لەلایەنی ئاستێکی بەرزی سپارتەییە پەتیەکانەوە وای پێدەوترا. بەلای ئەسینایییەکانەوە سپارتە دوژمنی سەرسەختی راستەقینەیان بوو، لەپاڵ ئەوەشدا بەلای سەربازە شەکەت و ماندوەکانەوە، جەنگ تاکە فرسەتیان بوو، بۆ ئەوەی مۆچەیەك وەربگرن، کەبەزەحمەت بەشی گوزەرانیان بکات.

دەوڵەمەندەکان هەرگیز لەدادو سکالای هەژاران تێنەگەیشتوون، هەژاران ناتوانن نەخشەی دەولەمەندەکان جێبەجێ بکەن، ئەسینا لەگەڵ دیموکراسییە پێشکەوتوەکەشیدا، هێشتا هەر کۆمەڵگەی کەللەرەقی چیەکان بوو.

حاڵەتە خراپەکە ئەمەیە. لەماوەی دووردا، هەردوو لایەنەکە ناتوانن لەیەکتریی تێبگەن، گەرچی هەریکەشیان هۆی باشی هەیە بۆ هەڵوێستەکەی خۆی.

هەرکاتێك ویستی تێگەیشتن لەراستیی رەوشەکە لەتێڕوانینی ئۆپۆزیسیۆندا کز بێت، وەك لەئەسینا روویدا، ئەوکاتە ئایدیا پرەنسیپییەکانی دیموکراسیی و راوێژکردن و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان، توشی مەترسیەکی گەورە دەبن. ئەمرۆ زۆرێك لەئەوروپاییەکان رووبەڕوی هەمان پرسیار دەبنەوە، ئەو پرسیارەی بۆ هەموو دیموکراسییەك زۆر بنەرەتییە کەئەوەیش ئەوەیە دیموکراسی تاچەند بەرگەی لادان دەگرێت؟

ئەمەش کۆتایی وانەکەیە. سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

سەرچاوە:

Cand. Phil. Birgitta Kurtén Lindberg on " Problems of Democracy in Classical Athens: Ours as Well?".

لەئەنتەرنێتەوە.